


ماجید خەلیل Idea

## لەپەراوێزی بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵ دا

# پاتریك مۆدیانۆ

# ئەو ئەدیبە ساحیرەی، خەڵاتە نێو نەتەوەییەكان عاشقی ڕۆمانەكانی دەبن

ئەو یەکێکە لە هـەرە قەڵەمە قوڵو نەستیلەکانی مێژووی هاوچەرخی فەرەنسا، هزریی ئەدەبیانەو هێزی پێنوسی ئەو بە وتەی تیۆریستە ئەدەبییەکانی ئەمرۆی دوونیا، بریتییە لـەو مەچەکە بەهێزەی کە شانی زمانی فەرەنسی دەدات لە زمانی ئینگلیزی، بە دارشـتنو داکۆکییە هزرییەکانی، کە بە زمانی فەرەنسی گەمەیان پێدەکات، هیچ قوتابخانەیەکی زمانەوانیو ئەدەبی ئەمرۆ نەیتوانیوە لە گوڵ کاڵتر بە زمانی فەرەنسی بڵێت.

دوواجار لە 9ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵدا201- بووە بـراوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئـەدەب، کە لـەلایـەن ئەکادیمیای سویدییەوە ساڵانە ئامادەدەکرێت، دەبەخشرێت بە داهێنەرە پێشەنگەکانی بـوارە جیاجیاکانی زانستو ئەدەبو هزری مرۆڤایەتی.

باتریك کورشی نێو ئازارەکانی فەرەنسایەو، نەوەی ناو تاریکییەکانی ئەو دەرهاویشتەیە کە عەقڵی مۆدێرنە زیاد لە چەند جەنگێکی شومی بەخشیوەتە وڵاتـەکـەی، ئەو خەمو ژانی منداڵانو هەزارانی پاریسو وەیشومەی جەنگی جیهانی دووەم، بەبن کەشکەڵانی ئاسمانی وڵاتـەکـەیو جیهانەوە دەبینێت، هەمیشە ئـەو رۆحـە جـوانـەی هیگڵی لە نێو تاریكو نەگریسییەکاندا دۆزیـوەتـەوە، فەلسەفەی کاری ئەو بریتییە لەوەی، کە بەڵێ هەمیشە لە هەموو شتێکدا بەشێك لە جوانی هەیە.

### گەشەو ژیانی تایبەتی

ناوبراو لە بۆلۆن بیانکورد لە فەرەنسا لە 30 تەمووزری 1945 دا هاتووەتە دونیاوە. ئەو لەباێکی بەرەچەڵەك جوی ئیتاڵی بەناوبانگو لە دایکێکی بەلجیکی بەنێوی لویسا کۆڵبین

چاوی بەژیان هەڵهێناوە. ئەو دەرهاویشتەی ئەوینێکی نهێنی نێوان دایكو باوکی بوو، هیچ کات خۆشەویستییەکەیان نەدرکاند. لەگەرمەی جەنگو لەنێو وەیشومو تاریکییەکانی پاریسی کۆتایی جەنگدا دایكو بابی یەکتریان ناسی. وەختێ کە ئاسمانی پاریس بۆمبی دەباراند، بەدەست سەربازانی هیتلەرەوە ئەتك دەکرا، فاشیزم وناسی نەتەوەیی هەرکەسی کردبووە دێوەزمەی باڵابوونی یان لەناوچوونی، ئەوان ئەوینیان دەگۆڕییەوە. ئیدی باتریك لەدایك بـوو، لـەدایـك بوونێك کە لەغیابی بابیدا بەکاوەخۆ گەورەی دەکرد.

دایکیشی هەمیشە جانتای سەفەرو شیوەو شیوی وڵاتانی لەخۆی دانەبڕی. لەبەر ئەوە باتریك هەر بە زارۆیی بۆنو بەرامەی گەلی لە فەرهەنگەکان چوو بە کەپووی هزرو هۆشیدا.

ئەو هەرچەندە لە هەژارییەکی تاقەت پروکێندا خرایە بەر خوێندن، کە بەبێ کۆمەکی میریی نەیدەتوانی قۆناغی ئامادەیی لە خوێندنەکەی تەواو بکات. یەکێکی تر لەو لەتمانەی کە هەر لە زارۆیـیـەوە دەروونـی ئەوی گوشی، تا بەرامەی هەستو سۆز تەنگ بە لۆژیکی هەڵچنێت، بریتی بوو لە بردنی براکەی لەتەمەنی دەساڵیدا. ریمۆند کوین کە خامێکی سەلاری هاورێی دایکی بوو، خامێکی ئەدیبو مامۆستایەکی زانستناسی بواری ئەندازیاری بوو، هەربۆیە پاتریکیش لەلای ئەو سەرەتا زانستی ئەندازیاری خوێند. بەڵام لە ژیانی ئەم خوێندنەیدا کاریگەری ئەو خامە لەسەری بەچەشنێك بوو، کە دەتوانین بڵێین دەرگای ئەدەبو پەخشانو پێناوی رامانێکی قوڵ لەسەری کرایەوە، کە هیچ ئەدیبێکی ئەم سەردەمە لاری لـەوەدا نییە کە باتریك یەکێکە لە بەرزترین ئەستێرەی بواری ئەدەبی دەستپێکی سەدەی بیستو یەکەم.

**لەگەڵ ئەوەی کاریگەری نوسەری بەناوبانگ کینۆی لەسەر بوو، بە تەوسییەی ئەو دەستی لەو نەزمی نوسینە بەرنەدا. کینۆی خۆی لە دیدارێکدا کە وەسفی باتریك دەکات دەڵێت، ناکرێت ئەدیب بیتو لەبەرامبەر هەر نوسینێکی باتریکدا توشی غیرە نەبیت**




چەند کتێبێکی پاتریک مۆدیانۆ

**ژیــانو ژانــی بــوونی بەرهەمە ئەدەبییەکانی**

یەکەم رۆمـانـی پاتریك بەناوی گۆڕەپانی ئەستێرە لەساڵی 1968 دا بوو، کە بەزمانی فەرەنسی دەکاتە la place de l etoile، ئەوکات ئەو تەنها تەمەنی 23 ساڵ بوو. لەو تەمەنەدا گەنجانی فەرەنسا هەڵگری بەهایەکی دیکەی مرۆڤایەتی بوون. خوێنکارانی فەرەنسا، زیاد لەو کاریگەرییەی کە هزری چەپو مارکسییەکان لە روسیادا شۆڕشێکیان پێداگیرساند لە ئۆکتۆبەری 1917 دا، بـەڵام بە بـڕوای تـەواوی چەپناسەکان، مەفهومەکانی چەپی زانستی لە کۆتاییەکانی شەستەکانی فەرەنساوە ئەو لاوانە هێنایان جۆش. ئەم رۆمانەی پاتریك کە بەتایبەتمەندیی روونو رەوانیو سادەیی جیا دەکرایەوە یەکێك بوو لە هەرە شاکارە باشەکانی ئەو قۆناغە هەستیارە.

لـەو کـاتـەوە پـاتـریـك خـۆی یەکلاکردەوە بۆ نوسین. لەگەڵ ئەوەی کاریگەری نوسەری بەناوبانگ کینۆی لەسەر بوو، بە تەوسییەی ئەو دەستی لەو نەزمی نوسینە بـەرنـەدا. کینۆی خۆی لە دیدارێکدا کە وەسفی پاتریك دەکات دەڵێت، ناکرێت ئەدیب بیتو لەبەرامبەر هەر نوسینێکی پاتریکدا توشی غیرە نەبیت.

**پێداگریی هزریی پاتریك لە سەر شوناسە ونەکان**

پاتریك هەمیشە پێداگریی لە سەر شوناسە ونو دزراوەکـان دەکـردەوە، هەمیشە بـەشـوێـن دونـیـای شتە بچووکەکانی عەقڵی بەرپرسانەوە بوو، کە دوواجـار دەیسەلمان ئەو شتانە چەند گـەورەو بەبەهان، لە یەکەم رۆمانییەوە تا رۆمانی ئاسۆ کە ساڵی 2012 نوسیوییەتی لەتەوەرەی گەلانی بندەستدا دەسوڕێتەوە، بندەست بوونی مرۆڤەکان، نادیاری بەها بەرزەکانی گـەلانـی بـنـدەسـت. کێشە هـەرە زیندووەکانی مرۆڤایەتی کە ئەمرۆ مرڤایەتی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لێیان بێئاگایە. ئەو لە نوسینەکانیدا بـەتـەواوی لە نمونەی جەنگێکدا کە تەرزی رۆمانەکەی لەسەر دادەرێژێت پرسو جۆی کەسێکی ون بوو دەکات، لـە دووی کەسایەتییەکی دزراوو مافێکی ژێـر پێخراودایە. هەربۆیە دووایین خەڵاتی نۆبڵ ئەو کە بەدەستی هێنا، دروست ئەکادیمیای سویدیش بـەو ناونیشانە ئـەو یـان بـرانـدەوە، کە کاریگەری یـادەوەری ئەو بەسەر کارەساتەکاندا، دەرکـی ئەو لەدنیای خامۆش بە بێ دەرکیو قوڵبوونەوەی ئەو لەسەر نەپرساوەکان مایەی ئەو شەرەفە بوو کە پێی بەخشرا.

**دانراوەکانی پاتریك مودیانۆ و کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی نەتەوە سەردەستەکان.**

ناوبراو زیاد لە بیست رۆمانی ناوازەی نوسیوە، هەمووئەمانە وەرگێردراون بۆ گەلێ لە زمانە زیندووەکانی دونیا، هەرچەند کە بەشێکیان وەك دەوترێت بەهۆی ئیشکالیاتی سیاسییەوە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرنەگێردراون، بەڵام لەوانە بۆ زمانی تورکی، روسی، عەرەبی، ئیسپانیو ئەڵمانی وەرگێردراون. یەکەمین نوسراوی ئەو بریتی بوو لە مەیدانی ئەستێرە، هەروەها ساڵێك پاش ئـەوە رۆمانی بـازنـەی شـەوی نوسی، ساڵی 1972

یەکێکی تر لە ڕۆمانە دیارەکانی بەناوی شەقامە بەستراوەکان نوسی، لەم ڕۆمانەدا توانی خەڵاتی ئەدەبی فەرەنسی بەدەستبهێنێت، ساڵی 1975 پەنای دڵتەنگی نووسی، بەم ڕۆمانەیش توانی خەڵاتی کتێبخانەکان بەدەستبهێنێت، هەروەها بڵاوکراوەی خێزانیشی لەساڵی 1977 دا نوسی، شەقامی ڕووداوە تاریکەکانیش لەساڵی 1978 بڵاوبوویەوە هاوکات پاش دووساڵ ڕۆمانی لاوی بەچاپ گەیاند، هەروەها ماڵی یادەوەرییەکان ساڵی 1984، گالیسکەی مناڵان، سێرکی لەدەستچوو، بەهار، ڕۆژانی یەك شەممە، دوور لە فەرامۆشی هەموو ئەمانە تا ساڵی 1994 نوسراونو بڵاوبوونەوە، کەنزی بچکۆلە، ونبووەکان، ڕووداوی تاڵ، ئاریشەی ڕەچەڵەك لە چاخانەی لاوان، چەندین ڕۆمانی تری شاکارو شا ڕۆمانی لەم پێناوەدا نوسیوە. ناوبراو لە ڕۆمانەکانی ونبووەکانو کێشەی ڕەچەڵەکدا بە دروستی جەختی کردووەتە سەر نەتەوە بندەستەکان، زمانە نەناسراوە ڕەسەنەکان، کێشە سیاسییەکان بەشێوەیەکی جدی بەرووی نەتەوە سەردەستەکاندا هەڵدەشاخێنێت. تەنانەت گەلێ لەم ڕۆمانانەی کەباسکران لەبەریتانیادا قەدەغەنو نەهێڵراوە بە زمانی ئینگلیزی وەریانگێڕن، چوونکە هەر کە وێڵز یان ڕەچەڵەك نۆرماندی، یاخود ئیرلەندییەك دەیانخوێنێتەوە ئیدی لەبەرامبەر نەزمی سیاسی وڵاتدا چاوی سوردەبێت. هاوکات لەتورکیاشدا کەنزی بچووك کە وەرگێڕدرابوو لەلایەن دەسەڵاتی سیاسی ئەردۆغانەوە قەدەغەکرا، چوونکە لەنێو خوێندکارانی لاز، کورد، ئەرمەنو عەرەبە کەمینەکانی ئەوێدا شەپۆلێکی تەواو کاریگەری لە نیوەی نەوەدەکاندا دروست کرد، ئیدی هەر زوو دەسەڵاتی سیاسی توانی لەڕووی میدیاییەوە کاردانەوەکانی ئەو جموجوڵە سیاسییە بمرێنێت.

**کاردانەوەی خەڵاتی نۆبڵ بۆ پاتریك مۆدیانۆ**

ئەو لەتەمەنی 69 ساڵیدا، بوو بە 15 هەمین کەس لە وڵاتەکەیدا کە ئەو خەڵاتەی پێببەخشرێت. ناوبراو وەختێ کە خەڵاتەکەیان پێبەخشی نازناوی مارسیل بریست 1871-1922 پێدرا، کە بەکۆڵەری زەمەنی فەرامۆشکراو ناسراوە. ناوبراو بەوە ناسێنرا کە هەمیشە لەشتانێك دوواوە، کە دەرکی مرۆڤەکان بەئەستەم هەستیان پێکردووە. دیسانەوە خەیاڵی مرۆڤەکانی بەم خەڵاتەی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە چەندە کاریگەرە ئەزموون. ئەو باوکی بە تۆمەتی یەهودی بوونو کاری سیاسی بەتەواوی ون بوو، هەرگیز تەرمەکەشیان نەبینییەوە، دایکیشی کە ئەکتەرێکی بەلجیکی بوو هەر بەو مەراقە سیاسییەوە سەری نایەوە. هەربۆیە هیوای ناکامو خواستی لەبەین چوونی عەشقی شکستو نەتەوەی کوژراو و جینۆساید، هەمیشە ئەو بڕوایەن کە پاتریك ویستویەتی لەتەکیاندا بژی. لەبەر ئەوە چەند هۆیەك هەن کە پێویستە هەموو خوێنەرێك لەسەر پاتریك بیانزانێت.

یەکەم: ئەو کەسێکە فەرەنسییەکان شانازی پێوەدەکەن، چوونکە لەسەنگەری یادەوەرییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، کە داگیرکاری وڵاتەکەی لەلایەن نازییەکانەوە چاندوویەتی. ئەو لەو یادەوەریانەدا جۆرێك مرۆڤ ڕامدەکات، کە کۆڵان بەکۆڵان، مێترۆ، شەقام، قەڵاو وێنەی کەسایەتییەکان زیاد لە وێنەو ڤیدۆ بە مێشکەوە دەنوسێنێت.

دووەم: وەك غاردیانی بەریتانی نوسیویەتی پاتریك هەر ڕۆماننوس نییە، هاوکات هەر نوسەری درامای سینەمایی و تەلەفزیۆنی نییە، بەڵکو کارەکتەری فلمی منالانو ئەکتەرێکی مەزنیشە.

**بۆ نەتەوەیەکی بندەستو پرچەخاری وەك کورد بۆ نەتەوەیەکی پارچەپارچەو ون، نەناسراوی وەك کورد بەداخەوە پێمان وانییە تەنها دێڕێکی نوسینی ئەم پیاوە کرابێتە زمانی کوردی، لەکاتێکدا بە زمانی عەرەبی گەلێ لە کتێبە دیارەکانی بەرچاو دەکەون**

سێهەم: ئەو گەلێ تایبەتمەندی تری هەیە کە بەنیسبەت نوسەرانەوە ئێجگار نامۆیە، چوونکە وەك باس دەكرێ لەچاوی كامێراو دیدارو شوێنە گشتییەكان رادەكات، ئەگەر دیدارێكیش ساز بدات زۆر بەكورتیو شەرمەوە قسە دەكات، بەڵام كاریگەرو شۆكێنەرە، دیداری ئەو نییە مشتومڕی دوورو قوڵی بەدووی خۆیدا نەهێنابێت.

ناوبراو هەر لەئەزموونی ژیانییەوە گۆشەگیر هاتووە، بەڵام لەنوسینەكانیدا پێچەوانەیە، هەوڵ دەدات مرۆڤە گۆشەگیرەكان ئاشت بكاتەوە، هەربۆیە ئەو بەڕاستی ساحیرێكەو وەك غاردیان دەنوسێت خەڵاتەكان كەمەند كێش دەكات لەدیارترین ئەو خەڵاتانەی كە وەریگرتوون بریتین لە:

1- ساڵی 1972 خەڵاتی مەزنی ئەكادیمیای فەرەنسی بۆ رۆمان بەدەستهێنا

2-خەڵاتی غونكور ساڵی 1978

3-خەڵاتی سینۆ دیل دوكای جیهانی ساڵی 2010

4-خەڵاتی وڵاتی نەمسا بۆ ئەدەبی ئەورووپی 2012

5-خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەب 2014

لەگەڵ چەندین خەڵاتو رێزلێنانی تری بەناوبانگ

ناوبراو لەژیانی خێزانی خۆیدا دارای خاتونێكە بەنێوی دۆمینیك زیر فوس، هاوكات دوو زارۆی بەناوی ماری و زینەت مۆدیانۆ هەیە.

**كاریگەری شوناسی نوسەرو ئەدیبێكی لەم جۆرە لەسەر كورد**

پاتریك مۆدیانۆ یەكێك لە ئەدیبە ناوازەكانی خۆرئاوا، كە هەمیشە دەسەڵاتە مەیلەو فاشیستو سەركوتكەرەكان سڵیان كردووەتەوە، لە دێرو نوسینو بەهای هزری ئەم كەسایەتیە، چوونكە ئەو لەسەرەداوەكانی خۆشەویستی، ژیانی شەخسی زارۆیەكی پێپەتیدا هەم مرۆڤایەتی چەپێكی ئەكادیمی، زانستیو هەم دیموكراسیبوون، لیبراڵخوازی راستێكو هەم ویژدانی مەسیحو موسڵمانێكمان پێدەناسێنێت، ناوبراو لە زۆرێك لە رۆمانەكانیدا لە ئەزموونی نزیكەی پەنجا ساڵ نوسینیی خۆیدا، كە دونیاو رای گشتی رۆشنبیری دونیا هەمیشە تامەزرۆی ژنە، وتنو بینینی دێری پەرتوكێكی بوونە، كەچی بۆ نەتەوەیەكی بندەستو پرجەخاری وەك كورد بۆ نەتەوەیەكی پارچەپارچەو ون، نەناسراوی وەك كورد بەداخەوە پێمان وانییە تەنها دێرێكی نوسینی ئەم پیاوە كرابێتە زمانی كوردی، لەكاتێكدا بە زمانی عەرەبی گەلێ لە كتێبە دیارەكانی بەرچاو دەكەون، هەروەك چۆن بە توركیو بە فارسیش بەردیدە دەكەون.

لەبەر ئەوە لاوازیو غافڵی میدیاو میمبەری رۆشنبیری كورد، دەستنەبردنی سەنتەرو سێبەرە هزرییەكانی رۆشنبیری كورد بۆ ئاتاجی ئێمە، بەو چەشنە ئەدەبیاتە هێشتا نەیتوانیوە بچوكترین هەنگاو بەو ئاراستەیەدا بەرێت. رەنگە هێشتا درەن نەبێت بۆ نوسەرانو خامە زەنگینەكانی كورد، كە وەك چۆن رۆمانەكانی بوزرگی عەلەوی، ئۆهان پاموك، یەشارقایا، كازانزاكیش جێگەی بایەخی كتێبخانەی كوردی بوون، سەنگی مەحەكی رووی وەرگێردراوی جوانی زمانی كوردی بوون، بەو جۆرەیش وەرگێرانی رۆمانەكانی ئەم پیاوە، بەزمانێكی نەستیلەو نیانی كوردی دەتوانین رابوونی نەتەوەیمان گورج تركەین، لە كانیاوێكی رەسەنو زازگاری ئەدەب تینویەتیمان دەشكێنین. هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە خەڵاتی نۆبڵ بۆ پاتریك، بەڵكو ئاورێكی جدی نوسەرو خەمخۆرانی كوردی لێبكەوێتەوە، تا لەو سۆنگەیەوە كەڵك لەو هەستە قوڵە وەربگرین كە مرۆڤ دۆستێكی وەك پاتریك لەبارەی نەتەوە بندەستەكانەوە هەیبووە، كە بەدڵنیاییەوە كورد لە ئەمڕۆدا بندەسترین نەتەوەی مرۆڤایەتییە.


**سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:**

http://www.theguardian.com/books/2014/oct/09/patrick-modiano-appreciation-nobel-prize-literature-2014

ALEXANDRA SCHWARTZ: Patrick Modianos Postwar Worldhttp://www.newyorker.com/books/page-turner/patrick-modianos-postwar

http://www.newstatesman.com/culture/201410//why-nobody-knows-what-think-about-patrick-modiano-winning-nobel-prize-literature